**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/١٠/٩ ئەم یاسایەی پەسەندکرد:

**یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، پێویستە ڕێکسازییە یاسایی وکارگێڕیی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد تەواو بکرێت وهەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٢):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٣):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی و بەرجەستەکردنی پرەنسیپی بەردەوامی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، و گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە بەردەوامیی پیادەکردنی دەسەڵاتەکاندا، و بۆ تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و جێمتمانە، و دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاک و بێگەرد، و ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبارتر بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پیادەکردنی مافەکانی خۆپاڵاوتن و دەنگدان، و فەراهەمکردنی هەلومەرجی ڕکابەری یەکسان لەنێوان هەمووان‌دا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

> یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

**بڕیار**
**ژمارە (١٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە(١٤) ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان – عێراق ) ژمارە (١٠ )ی ساڵی ٢٠١٠ ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٢/٤/١٣ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:-

١- پەسەندکردنی ڕەشنووسی (پەیڕەوی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان -عێراق) بەڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجەکانی هەردوو وەزیری داد و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانە ڕوو .

٢- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**مسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە: ٣٧٤٥ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦**

پاڵپشت بەماددەی(نۆیەم) لەیاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی(جینۆساید) لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی(جینۆساید) لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی(١):**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم: حکومەت**: حکومەتی هەرێم.

**سێیەم: وەزارەت**: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێم.

**چوارەم: وەزیر**: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم.

**پێنجەم: یاسا**: یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید )لە هەرێم.

**شەشەم: سندوق**: سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید ) کە دامەزراوە بەپێی یاسا.

**حەوتەم: دەستە**: دەستەی بەڕێوەبردنی سندوق کە بەپێی ماددەی (سێیەم) لە یاسا پێکدێت.

**ماددەی (٢):**

سندوق ئەرکی کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی هاوکاری و کۆمەک و پیتاکە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی جینۆساید ئەوانەی لە وەزارەت تۆمار کراون و ئامانجەکانی لە ماددەی (دووەم) لە یاسا دەق نوسکراون.

**ماددەی(٣):**

کەسوکاری شەهیدان بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنمایە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم :** هاوسەر ، دایک و باوک، منداڵی پەککەوتە ، منداڵی تاقانەی شەهیدانی: سەنگەر ، جینۆساید، هاوڵاتی.

**دووەم :** کچ و کوری شەهیدی سەنگەر .

**سێیەم :** کچ و کوڕ و خوشک و برای شەهیدی جینۆساید تا ئەو کاتەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

**چوارەم :** کچ و کوری شەهیدی هاوڵاتی ئەگەر هیچ موچەیەکی حکومی وەرنەگرن.

**پێنجەم :** خوشک و برای شەهیدی سەنگەر و هاوڵاتی ئەگەر هیچ موچەیەکی حکومی وەرنەگرن.

**ماددەی(٤):**

**یەکەم:** سندوق لەناو وەزارەت دادەمەزرێت وەدەستەیەک بەرێوەی دەبات بەپێی ماددەی (سێیەم) لە یاسا

**دووەم:** سندوق یەکەیەکی ژمێریاری و کارگێری سەربەخۆی دەبێت بۆ کاروباری کارگێری و ژمێریاری.

**ماددەی(٥):**

دەستەی سندوق چالاکی جۆراوجۆر بۆ ناساندن و بانگەشەکردن بۆ سندوق لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدات و پلانی گەشە پێدانی سەرچاوەکانی داهاتی سندوق دادەڕێژێت.

**ماددەی(٦):**

پارەی سندوق دەکرێت بە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەت دواتر لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە (تمویل) دەکرێت بە ڕێژەی (١٠٠%) بۆ سندوق و دەخرێتە یەکێک لە بانکەکانی هەرێم و خەرجکردنی پارە بە لیژنە و چەکی بانکی دەبێت .

**ماددەی(٧):**

بە مەبەستی هاوکاری کردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) لە هەرێم دەستەی سندوق پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوە و دەرخستە و دۆکیۆمێنتەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان .

**ماددەی(٨):**

کۆی داهات و خەرجییەکانی سندوق پابەندی یاسا و ڕێنماییە ژمێریاری و چاودێرییە کارپێکراوەکان لە هەرێم و پابەندی ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی دەبێت.

**ماددەی(٩):** داهاتەکانی دەستە خەرجدەکرێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە :

**یەکەم:** پێشینەی هاوسەرگیری بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠)تەنها دوو ملیۆن دینار بۆ کچ و کوڕ و خوشک و برای شەهیدان ئەوانەی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە بەم مەرج و میکانیزمانە :

أ- ئەم پێشینەیە بە قەرز دەدرێت بەبێ سوود تەنها بۆ یەکجار وتەنها بۆ ئەوانەی لە دوای جیبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە هاوسەرگیری دەکەن.

ب- ئەوانەی لەم پێشینەیە سوودمەند دەبن، نابێت پێشتر لە منحە و پێشینەی هاوسەرگیری حکومەت سودمەند بووبن، پێویستە لەگەڵ داواکاریەکەیان ئەم بەڵگەنامانە پێشکەش بکەن (گرێبەستی هاوسەرگیری – ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی).

ج- پێویستە داواکار دەستەبەر(کەفیل) ی هەبێت کە فەرمانبەری حکومی بێت.
د- گەڕانەوەی قەرزەکە بە قیستی مانگانە بە بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دیناردەبێت، بەڵام کەسی سوودمەند سەرپشکە بە قیستی مانگانە قەرزەکە بگەڕێنێتەوە یان شەش مانگ جارێک بڕی (١٨٠,٠٠٠) سەدوهەشتاهەزار دینار بگەڕێنێتەوە.
ە- لە کاتی نەگەڕاندنەوەی قەرزەکە کەفیل بەرپرسە لە دانەوەی قەرزەکە بەهەمان میکانیزمی بڕگەی ( د )ی ئەم بەندە.

**دووەم :** تەرخانکردنی بڕی (٦٠٠,٠٠٠) تەنها شەش سەد هەزار دینار بۆ هەرکەسێک بۆ یەکجار لە ساڵێکدا بۆ چاودێریکردن و هاوکاری کەسوکاری بەساڵاچووی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید ئەوانەی کە لە خانەکانی بەساڵاچووان سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم دەژین و خەرجکردنی ئەم بڕەپارەیە بە هەماهەنگی دەبێت لە نێوان وەزارەت و خانەی بەساڵاچووان.

**سێیەم:** تەرخانکردنی بڕی (٦٠٠,٠٠٠) تەنها شەش سەد هەزار دینار بۆ هەرکەسێک بۆ یەکجار لە ساڵێکدا بۆ چاودێریکردن و هاوکاری بەخێوکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشتی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید ئەوانەی لە خانەکانی بێ سەرپەرشتانی سەر بەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم دەژین و خەرجکردنی ئەم بڕەپارەیە بە هەماهەنگی دەبێت لە نێوان وەزارەت و خانەکانی بێ سەرپەرشتان.

**ماددەی(١٠):**

هاوکاری چارسەری تەندروستی بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی و تاقانەی جینۆساید بۆ ئەو حاڵەتانەی لە نەخۆشخانە حکومییەکان بێ بەرامبەر دەستەبەر ناکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە خەرجدەکرێت :-

**یەکەم:** نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بەبڕی(٣,٠٠٠,٠٠٠)سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ ناوەوەی عێراق و بەبڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠)شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ دەرەوەی عێراق بەپێی پسووله.

**دووەم:** نەشتەگەری گەورەی پێویست بەبڕی(٢,٠٠٠,٠٠٠)دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ ناوەوی عێراق و بەبڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ دەرەوەی عێراق بەپێی پسووله.

**سێیەم:** نەشتەگەری مامناوەندی پێویست بەبڕی(١,٠٠٠,٠٠٠)یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بەپێی پسووله.

**چوارەم:** نەشتەرگەری بچووکی پێویست بەبڕی(٥٠٠,٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەپێی پسووله.

**پێنجەم:** کرێی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێم بەبڕی(١,٠٠٠,٠٠٠)یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بەپێی پسووله لە ماوەی یەک ساڵدا.

**شەشەم:** هەر پێداویستییەکی تری تەندروستی پێویست کە لەلایەن دەستەی سندوق پەسەند بکرێت بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ یەکجار لە ساڵێکدا.

**ماددەی(١١):**

خەرجی پێداویستی و بەڕێوەبردن و کاروباری سندوق بەپێی دەرخستە و ڕەزامەندی سەرۆکی دەستە لە پارەی سندوق خەرج دەکرێت.

**ماددەی(١٢):**

ئەو خزمەتگوزاریانەی بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرێت بۆ هەمان مەبەست لە هاوکاری سندوق سوودمەند نابن.

**ماددەی(١٣):**

کار بەهیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**
**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**
**ژمارە ٥٣٧٩ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەمواركراو، بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییە.

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە بەگەڕخستنەوەی كارگە لە كاركەوتووەكان**

**ماددەی (١): بەگەڕخستنەوەی كارگە**

**یەكەم:** مۆڵەتی دامەزراندن (تحت التأسیس)ی هەبێت و ئامێر و هێڵەكانی بەرهەمی لای دادنوس تۆمار كرابێت بەڵام خاوەن پڕۆژە نەتوانێت كارگەكەی بخاتە گەڕ و مۆڵەتی (إكمال تأسیس) تەواو بكات ئەوا دەكرێت تا (٧٥%) پشكەكانی بفرۆشێت بە هاوبەشێك بۆ ئەوەی كارگەكەی بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەكەی بگۆڕێت بە مەرجێك ڕێكارەكانی گۆڕینی جۆری بەرهەم ئەنجام بدات وەک ئامادەكردنی كەتەلۆک و ئۆفەری تایبەت بە بەرهەم نوێیەكە كەڵكی ئابووری و هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.

**دووەم:** مۆڵەتی بەرهەم (إكمال تأسیس)ی هەبێت بە هەر هۆكارێک لە كار وەستا بێت ئەوا خاوەن كارگە بۆی هەبێت كە گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ كارگەكەی ئەنجام بدات بە مەرجێک خاوەنی نوێ كارگەكە بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەكەی بگۆڕێت بەپێی ڕێكارەكانی گۆڕینی جۆری بەرهەم بە پێچەوانەوە مۆڵەتەكەی هەڵدەوەشێتەوە و زەویەكەی لێ دەسەنرێتەوە.

**ماددەی (٢): گواستنەوە خاوەندارێتی كارگە**

**یەكەم:**خاوەنی نوێ پەیوەستنامەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان ئەنجام بدات و پابەند بكرێت كە لە ماوەی (١) ساڵ لە بەرواری دەرچوونی فەرمانی كارگێڕی گواستنەوەی خاوەندارێتی یان ڕەزامەندی گۆڕینی جۆری بەرهەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی كارگەكەی بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەكەی بگۆڕێت پێویستە بەرهەمە نوێیەكە دەست نیشان بكات و ئۆفەر و كەتەلۆک و كەڵكی ئابووری و هونەری تایبەت بە بەرهەمە نوێكەی ئامادە بكات.

**دووەم:** گرێبەستی زەوی لەگەڵ خاوەن موڵک هەبوو جگە لە كەرتی گشتی ، گواستنەوەی خاوەندارێتیان بۆ دەكرێت بە مەرجێک خاوەنی نوێ گرێبەستی زەوییەكەی لە (٣) سێ ساڵ كەمتر نەبێت ، ڕەزامەندی لایەنی پەیوەنداری هەبێت و لە باجی دەرامەت تۆماركرابێت.

**سێیەم:** لە سەرجەم بارەكانی گواستنەوەی خاوەندارێتی پێویستە زەوی بخرێتە سەر ناوی خاوەن پشكەكان هاوشێوەی قەواڵەی وازهێنان (سند تنازل).

**چوارەم:** لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ یەک جار دەکرێت لە ماوەی سێ ساڵدا لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەی خاوەنداریەتی و پێویستە لە فەرمانەکەشدا ئاماژە بەم خاڵە بدرێت.

**ماددەی(٣):**

**یەکەم:** لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) تا (٦) شەش مانگ پێویستە خاوەن کارگە داواکاری پێشکەش بکات بۆ بابەتەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە لە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاکان یاخود ئیدارە سەربەخۆکان بە پێچەوانەوە ئەم ڕێنماییە نایگرێتەوە.

**دووەم:** خاوەن کارگە دەبێت لە ماوەی (٦) شەش مانگدا کارەکانی کە لەم ڕێنماییە هاتووە تەواو بکات کە ئەم ماوەیەش لە ڕێکەوتی هاتووی داواکاری خاوەن کارگە یان بریکارەکەی ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو نەیتوانی لەو ماوەیەدا کارەکانی تەواو بکات و دەرکەوت کە هۆکارەکەی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆی بووە ئەوا بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی دەسەڵاتی هەیە ماوەی (٣) سێ مانگی بۆ درێژ بکاتەوە.

**ماددەی (٤):**

ئەو ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)و کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە بڕگە و ماددەکانی پێچەوانەی ئەم ڕێنماییەبن.

**كمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچوون**

بە هۆی ئەو قەیرانانەی کە لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە هەرێمی کوردستان دروست بوون هەر لە بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵ و شەڕی تیرۆرستانی داعش و هاتنی پەتای کوڕۆنا کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر کۆی سێکتەرەکان بە تایبەت کارگەکان کە بووە هۆی داخستنی هەندێکیان. کە هەندێ لە هۆکارەکان ئاسانکاری کردنە لە ڕووی کارگێری و یاساییەوە لە پیناو هاوکاری کردنی خاوەن کارگەکان بۆ بەگەڕ خستنەوەی کارگەکانیان لەبەر ئەوە ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد .

**وەزارتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٦٨٤٠ لە ٢٠٢٢/١٠/١٦**

پاڵپشــت بە مــاددەی (حەوتەم) لە یاســای وەزارەتــی تەندروســتی ژمــارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنماییەکانی ئەمبولانسی تایبەت بە گواستنەوەی نەخۆش**

**مادده (١): لە رووی دەرەوە :**

١- ڕەنگی سپی بێت و دوو خەتی پانی تێدابێت کە پێك هاتبێ لە رەنگی ( نیلی ٢٠سم و سور ٥ سم ).

٢- مۆدیلی بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ بێت.

٣- لەسەر ئەمبولانسەکە (فرارە) بەڕەنگی شین و(٢) دوو دانە لیدی (شین) لەپشتەوەی ئەمبولانسەکە بێت.

٤- دانانی لایت لەسەر دەرگای پشتەوەی لە دیوی ژوورەوە لەکاتی کردنەوەی دەرگا بۆ رووناك کردنەوە.

٥- نووسینی ( ووشـەی ئەمبولانسـی تـایبەت و نـاوی کۆمپانیـا و ژمـارەی مۆبایـل ) لە هەردوو رووی ئەمبولانسەکە بنووسرێت.

٦- نووسینی ئەمبولانس بەزمانی کوردی و عەرەبی بە ڕەنگی سوور بێت تەنهـا نـاوی ئەمبـولانس بە ئینگلیزی بێت و دانانی هێمای مانگ بەرەنگی سوور لەسەر هەر چوار لای ئەمبولانسەکە بێت.

**مادده (٢): لە رووی ناوەوە:**

١- دوو دەرگای هەبێت یەك لە تەنیشت ویەك لە پشتەوەی ئەمبولانسەکە.

٢- دۆلابی ناو کابینەکە لە دار دروست کرابێت وە جامەکانی پلاستیك بێت.

٣- بەشی شوفێر لەگەڵ بەشی نەخۆش جیاکرابێتەوە تەنها شوێنی پەنجەرەیەك هەبێت.

٤- ساحیبەی تێدابێت.

٥- تبرید مرکزی بێت.

٦- زەویەکەی رووکەش کرابێت بە(ئیپۆکسی).

٧- رووناك کردنەوەی بەهێزی لە ناو کابینەکەدا بێت.

٨- لایتی (جولێنەر ) تێدا بێت.

٩- ستاند ( بۆ هەڵواسینی مغذی لەسقفی ئەمبولانس و تەنیشتی نەخۆش هەبێت ).

١٠- کورسی کارمەندی تەندروستی لە پشت سەری نەخۆش هەبێت.

١١- کورسی هاوەلی نەخۆش تێدابێت.

١٢- ئامێری پاڵەپەستۆی خوێنی هەڵواسراو و سماعەی طبی تێدا بێت.

١٣- ئامێری (MONITOR - SACTION -AED )تێدا بێت.

١٤- ئۆکسجینی مرکزی بێت بە (٢) بطل وە (١) بطل ئۆکسجینی PORTABLE تێدا بێت.

١٥- .نەقالەی نەخـۆش- (TROLLY – SPINAL BORD - SCOOP STRETCHER ) FIELD STRETCHER تێدا بێت.

١٦- جەنتای فریاکەوتنی پێشکەوتوو تێدا بێت لەگەڵ سیتی لاینگۆسکۆپ.

**مادده (٣): کەل وپەلی تایبەتی بەئۆتۆمۆبیلەکە:**

(تایەی سپێر - چەکوچ - جەگ - ماتۆری هەوا – ئاگرکوژێنەوە – ویل ئسپانە).

**مادده (٤):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان).

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

---

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٦٩٩ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٠**

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٨) لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ، هەموارکراو ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١)**

هەموارکردنەوەی خاڵی (**ه**) / بڕگەی سێیەم لە ماددەی (یەکەم )ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٢ :

گۆرینی دەستەواژەی (مەنغۆل) بە دەستەواژەی (کۆنیشانی داوون) (متلازمة داون) (Down Syndrom)

**ماددەی (٢)**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی **(**وقایعی کوردستان**)** جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٧٤٤ لە ٢٠٢٢/١٠/٥**

**ڕێنمایی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦٤٣) لە ٢٠٢٢/٩/٥ بڕیارماندا بە :-

١- هەڵوەشاندنەوەی گشتاندنمان ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢١ .

٢- هەمـوارکردنەوەی خـاڵی (دووەم)ی ڕێنماییمـان ژمـارە (٧)ی سـاڵی /٢٠١٥ و خـاڵی (یەکەم)ی ڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی /٢٠١٦ کە لە خوارەوە دیاری کراوە خەرج کردنی بە دینار لەسەر داهاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و خەرجییەکانی تر لە ئەستۆی قوتابی دەبێت

| ژ | جۆری خەرجی | دبلۆمی باڵا | ماستەر | دکتۆرا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پاداشتی سەرپەرشتیاری | ٢٥٠٠٠٠ | ٣٧٥٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ |
| ٢ | پاداشتی لیژنەی تاوتوێکردن بۆ ناوەوەی شار | ١٠٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ |
| ٣ | پاداشتی لیژنەی تاوتوێکردن بۆ دەرەوەی شار | ١٢٥٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ | ٢٥٠٠٠٠ |

٣- ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠٧٦٥ لە ٢٠٢٢/١٠/٥**

**ڕێنمایی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٢٩٧) لە ٢٠٢٢/٩/١٣ لە پێناوی یەکخستنی مووچە و دەرماڵەی ڕاوێژکاران لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە :-

١- یەکخستنی مووچە و پلە و مەرتەبە و دەرماڵەی ڕاوێژکـاران کە دادەمەزرێـن بە پـلەی (أ) مـرتبەی (١) بە مووچەی (٢٤١٣٠٠٠) تەنها دوو ملیۆن و چوار سەد و سیانزدە هەزار دینار .

٢- گشت ڕاوێژکارەکان دەرماڵەی (استثنائی) بە بـڕی (٢٠٠٠٠٠٠) تەنهـا دوو ملیـۆن دیناریـان بـۆ خەرج دەکرێت.

٣- ڕاگرتنی کارکردن بە هەر سێ ڕێنماییمان ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ و (٨و٩)ی ساڵی ٢٠١٤

٤- کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

٥- ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/١٠/١ کـاری پـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٠٩٢٠ لە ٢٠٢٢/١٠/١٠**

**ڕێنمایی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٣٨٨) لە ٢٠٢٢/٩/١٥ بڕیاردرابە:-

١- زیادکردنی دەرماڵەی گیرفانی پۆلینی دووەمی ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە بڕی (٢٠,٠٠٠) تەنها بیست هەزار دینارەوە بۆ بڕ (٣٠,٠٠٠) تەنها سی هەزار دینار ڕۆژانە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١١٧٣٠ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٣**

**ڕێنمایی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بەهەڵوەشانەوەی ڕێنمایی (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە/ ١٣٨٢٢ لە ٢٠٢٢/٩/٢٢ بڕیارماندا بە:-

١- هەڵوەشانەوەی ڕێنماییمان ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٢٢ کە تایبەتە بە هەمووارکردنەوەی خاڵی (٨)ی ڕێنماییمان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٢.

٢- کارکردن بە خاڵی (٨) ی ڕێنماییمان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٢ وەکو خۆی.

٣- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی لە دامەزاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنسیب کراون بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق فیدراڵ لە سنووری ناوچە دابڕێندراوەکان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەزامەندیان لەسەر دراوە ، خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە کانیان وەکو خۆی بەردەوام دەبێت لەسەر حکومەتی هەرێم تا ئەو کاتەی بابەتەکە بەشێوەی بنەڕەتی چارەسەر دەکرێت.

٤- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٦٥٧ لە ٢٠٢٢/١٠/١١**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بەحوکمی (مادده /٦) لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و (مادده/٦ – یەکەم) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٤) و بەمەبەستی یەکخستنی زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە:-

- ( بە کوردی کردنی بڕیارەکانی دادگا و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ) و تەنها لە کاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنوسرێت.
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٢٢٨٢٩ لە ٢٠٢٢/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (پێدە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمووارکراو ، و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بەفراوانکردنی وهێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەمووارکراو ، وبڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٦٨٢) لە ٢٠٢٢/٨/٣١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**پێدە**) وچەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ لە ناحیەی زاوێتە لە سنوری قەزای دهۆک لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٢) دوو دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٦٨) کەرتی (٣٥/ پێدە) و بەمەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (پێدە) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٥٩) بە ڕووبەری (٢٥) بیست و پێنج دۆنم و وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە کەوا کۆی گشتی حەرەمی گوندی ناوبراوی سەرەوە دەکاتە (٢٧) بیست و حەوت دۆنم بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٢٢٨٣٠ لە ٢٠٢٢/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**بەیانی هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**بەیانی تایبەت بە ئەنجامدانی پشکنین و لێدانی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە هەردوو یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەمواركراو ، و ئاماژە بە بەیانمان ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٥٣) لە ٢٠٢٠/٨/١٦ تایبەت بەڕسوماتی ئەنجامدانی پشکنینی دەرەکی بۆ ئۆتۆمبێل و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم بەیانە هەمواریيە :

**ماددەی (١):** دیاری کردنی ناونیشانی بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەم شێوەی دەخوێندریتەوە.

**(بەیانی تایبەت بەئەنجامدانی پشکنین و لێدانی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ)**

**ماددەی (٢):** زیادکردنی بڕگەیەک لە بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخویندرێتەوە .

(**یەکەم** : وەرگرتنی بڕی (٣٠٠٠٠) تەنها سی هەزار دینار وەکو کرێی لێدانی تابلۆی ئۆتۆمبێل لەدەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوو چۆ)

**ماددەی (٣) :** ئەم بڕە پارانەی کە لە بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ئەم بەیانە هاتووە دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**ماددەی (٤):** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ ، و پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٠٨٦٩) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٧ بریارماندا بە :

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی هۆبەی (یاسایی) لە بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی پارێزگاکان لەبەر ئەوەی لە خانەکان زۆرێک لە کێشە یاساییەکان چارەسەر دەکەن، بە تایبەتی لەرووی وەرگرتنی منداڵانی پەرتەوازە ، وە هەروەها رایکردنی نووسراوەکانی فەرمانگەی داواکاری گشتی.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە:٣٧٩٣/٢٠ لە ٢٠٢٢/١٠/٩**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :-

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی شێخان) لە قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک.

٢- ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکردنەوەی.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیـــری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە:١٠٥٧/٢٠ لە ٢٠٢٢/١٠/٩**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندابە:-

١- گۆڕینی (هۆبەی بەدواداچوون) بۆ (بەشی یاسا و بەدواداچوون) لە فەرمانگەکانی داواکاری گشتی لە (هەولێر و دهۆک و گەرمیان).

٢- ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکردنەوەی.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیـــری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە:١١٩٥/٢٠ لە ٢٠٢٢/١١/٢**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بە پێی ئەحکامی ماددەی (٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٧) و ماددەی (١/شەشەم ) لە یاسای داواکاری گشتی (١٥٩) ی ساڵی (١٩٧٩) ی هەموار کراو.

١- کردنەوەی ( بەرێوەبەرایەتی دیراسات و بەدواداچوونی تاوانکاری ) ( مديرية الدراسات و رصد ظاهرة الأجرام ) لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیـــری داد**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (١١) بتأريخ ٢٠٢٢/١٠/٩، على القانون الآتي:

**القانون رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٢**

**قانون استمرار الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان – العراق**

**المادة (١):**

**أولاً:** تستمر الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان - العراق إلى نهاية الفصل التشريعي الخريفي لسنة ٢٠٢٣، في جميع أعمالها ومهامها.

**ثانياً:** يجب استكمال الضوابط القانونية والإدارية والفنية لإجراء انتخابات نزيهة وإجراء الانتخابات خلال المدة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (٢):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٣):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض منع حصول فراغ قانوني وتجسيد مبدأ استمرارية المؤسسات الدستورية لإقليم كوردستان - العراق وضمان حماية المصالح العامة من خلال استمرارية ممارسة السلطات، ولغرض استكمال الضوابط القانونية والإدارية والفنية لإجراء انتخابات نزيهة وموثوقة، وضمان تسجيل بايومتري نزيه، وتهيئة بيئة سياسية أفضل لتحقيق وحدة الصف والإجماع الوطني من أجل ضمان حقوق جميع مواطني إقليم كوردستان في ممارسة حقوق الترشح والتصويت، وضمان ظروف وفرص التنافس بالمساواة بين الجميع، شرع هذا القانون.

يعد القانون صادراً بانقضاء المدة القانونية لإصداره بموجب حكم البند (٢) من الفقرة (أولاً) من المادة (١٠) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل والفقرة (عاشراً) من المادة (١٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق.

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم : ١٥٣٦٧ في ٢٠٢٢/١٠/١٩**

إستناداً الى حكم الفقرة (٣) من المادة (الثامنة) من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وحكم المادة (٢) من القانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٢١ قانون التعديل الأول لقانون وزارة التجارة والصناعة في إقليم كوردستان-العراق رقم (١٠) لسنة ٢٠١٠، قرر مجلس الوزراء في اجتماعه الإعتيادي رقم (٨٠) المنعقد بتأريخ ١٣/ ٤ /٢٠٢٢ إصدار النظام الآتي:

**نظام الأسماء التجارية والسجل التجاري في إقليم كوردستان - العراق**
**رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٢**

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض هذا النظام المعاني المبينة ازاء كل منها:

**أولاً: الاقليم:** إقليم كوردستان-العراق.

**ثانياً: الوزارة:** وزارة التجارة و الصناعة في الإقليم.

**ثالثاً: الوزير:** وزير التجارة و الصناعة للإقليم.

**رابعاً: المديرية:** المديرية العامة لتسجيل الشركات في الوزارة.

**خامساً: المسجل:** مدير عام تسجيل الشركات والأسماء التجارية.

**سادساً: السجل:** سجل الأسماء التجارية.

**سابعاً: الإسم التجاري:** الإسم الذي يختاره شخص طبيعي أو معنوي لتمييز نشاطه التجاري.

**ثامناً: النشاط التجاري:** النشاط الذي يقوم به تاجر الفرد أو شركة أو أي مؤسسة، سواء كانت نشاط تجاري أو خدمي أو صناعي أو زراعي أو أي نشاط اقتصادي آخر.

**تاسعاً: الموقع الرسمي:** الموقع الألكتروني الذي يتم فيه نشر جميع الأسماء التجارية والقرارات الخاصة بالإسم التجاري من قبل المسجل.

**المادة (٢):**

**أولاً:** ينظم سجل الأسماء التجارية من قبل المسجل وتدون فيه جميع البيانات ذات الصلة بالأسماء التجارية وأسماء مالكيها وعناوينهم وما طرأ على هذه الأسماء من إجراءات وتصرفات قانونية ويكون المسجل مسؤولاً عن هذا السجل.

**ثانياً:** يجوز إستعمال الوسائل الألكترونية وتكنلوجيا المعلومات لتسجيل الأسماء التجارية والبيانات المتعلقة بها وتكون البيانات والوثائق المستخرجة منه والمصدقة من المسجل حجة على الكافة مالم يثبت صاحب الشأن عكسها.

**ثالثاً:** للمسجل تخويل جزء من صلاحياته الى موظفيه في المديرية العامة والمديريات التابعة لها في المحافظات والإدارات المستقلة.

**المادة (٣):**

**أولاً:** يتم تقديم طلب تسجيل الأسماء التجارية من قبل طالب التسجيل أو من يمثله قانوناً مرفقاً به البيانات والمستمسكات المطلوبة.

**ثانياً:** يخصص رقم غير مكرر لكل نشاط تجاري مسجل لكي يتم التعرف عليه من قبل جميع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة ويمنع ممارسة أي نشاط تجاري بدون هذا الرقم.

**ثالثاً:** على التاجر تحديد إسم مبتكر أو مستعار لنشاطه التجاري مختلفاً عن الأسماء التجارية المسجلة.

**رابعاً:** للتاجر أن يتخذ من إسمه الثلاثي أو الإسم الثلاثي ولقبه إسماً تجارياً لمحله التجاري.

**خامساً:** يجب أن يدل الإسم التجاري للشركة على نوعها وأن يحتوي في الأقل على إسم أحد الشركاء إن كانت شركة تضامنية أو بسيطة أو مشروعاً فردياً.

**سادساً:** يقيد الإسم التجاري لفروع الشركات والمؤسسات الأجنبية المجازة في الإقليم مع اضافة عبارة (فرع إقليم كوردستان-العراق) ويجب مراعاة احكام القانون وهذا النظام عند تسجيل اسماء هذه الفروع.

**المادة (٤):**

**أولاً:** لا يسجل إسماً تجارياً:

١. الإسم المخالف للآداب العامة والنظام العام.

٢. الإسم المشابه لأسماء الدوائر أو المؤسسات الحكومية.

٣. أسماء الماركات أو العلامات التجارية الوطنية أو العالمية المسجلة في العراق أو الإقليم.

**ثانياً:** الإسم التجاري المسجل للشخص الطبيعي أو المعنوي ويكون محمياً وفقاً لهذا النظام.

**المادة (٥):**

**أولاً:** على المسجل الموافقة على طلب تسجيل الإسم التجاري أو رفضه خلال (٢٤) أربعة وعشرين ساعة عمل وذلك من تأريخ تقديم الطلب وبخلافه يعتبر الإسم موافقاً عليه.

**ثانياً:** في حال رفض طلب تسجيل الإسم التجاري، على المسجل بيان سبب الرفض.

**المادة (٦):**

**أولاً:** في حالة الموافقة على تسجيل الإسم التجاري ونشره في الموقع الرسمي، على المسجل تسجيل بياناته في السجل التجاري بعد استيفاء أجور التسجيل.

**ثانياً:** لطالب تسجيل الإسم التجاري الإعتراض لدى المسجل على قرار رفض الإسم خلال (٧) سبعة أيام عمل من تأريخ الرفض.

**المادة (٧):**

**أولاً:** لجميع الجهات ذات العلاقة الإعتراض على قرار تسجيل الإسم التجاري خلال (٦) ستة أشهر من تأريخ نشر الإسم في الموقع الرسمي، وعلى المسجل الرد على الإعتراض خلال فترة (٧) سبعة أيام عمل.

**ثانياً:** إذا تبين بأنه تم تسجيل الإسم التجاري مخالفاً للمادة (الرابعة) من هذا النظام, على صاحب الإسم التجاري إيجاد إسم جديد لنشاطه التجاري خلال (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ صدور القرار بدون تبعات مالية.

**المادة (٨):**

تكون قرارات المسجل بقبول تسجيل الأسماء التجارية أو رفضها أو نقل ملكيتها أو تعديلها أو شطبها قابلة للإعتراض عليها لدى الوزير خلال مدة (١٠) عشرة أيام من تأريخ التبليغ به أو نشرها في الموقع الرسمي أيهما أقرب، ولذوي العلاقة الإعتراض على قرار الوزير لدى محكمة البداءة المختصة خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ بالقرار أو نشره في الموقع الرسمي أيهما أقرب.

**المادة (٩):**

يكون طلب تعديل بيانات السجل التجاري والإسم التجاري بشكل الكتروني أو عن طريق استمارة وبالشكل الذي ينظمه المسجل، وينشر قرار التعديل في الموقع الرسمي.

**المادة (١٠):**

التصرف بالإسم التجاري مرتبط بالمحل التجاري، ويجوز لمن انتقلت إليه ملكية المحل التجاري أن يستعمل إسم سلفه إذا أذن له المتنازل أو من آلت اليه حقوقه في ذلك على أن يُضاف الى الإسم ما يدل على انتقال الملكية ويقيد في السجل التجاري.

**المادة (١١):**

يتم إلغاء وشطب الإسم التجاري في الحالات التالية:

**أولاً:** إذا كان مسجلاً خلافاً لأحكام هذا النظام أو التعليمات الصادرة بموجبه.

**ثانياً:** إستناداً الى حكم صدر عن محكمة مختصة والمكتسب الدرجة القطعية.

**ثالثاً:** إذا ثبت بأن صاحب الإسم التجاري لم يقم بأي نشاط تجاري خلال مدة (٢) سنتين متصلة من تأريخ الحصول على الإسم التجاري.

**رابعاً:** بناء على طلب صاحب الإسم التجاري.

**المادة (١٢):**

لا يجوز إعادة تسجيل الإسم التجاري المشطوب إلا بعد مرور (٦) ستة أشهر على صدور قرار الشطب.

**المادة (١٣):**

إذا تبين للمسجل بأن المحل التجاري قد اغلق أو توقف عن ممارسة النشاط خلال المدة المنصوص عليها في هذا النظام لأي سبب كان، أو صدور قرار الشطب، وجب شطب الإسم من سجلاته ونشر القرار في الموقع الرسمي.

**المادة (١٤):**

**أولاً:** نطاق حماية الإسم التجاري للشركات يكون مركزياً في حدود الإقليم.

**ثانياً:** يكون نطاق حماية الأسماء التجارية لغير الشركات فقط لنشاطه المحدد في السجل التجاري ويكون ضمن حدود إدارية للمنطقة لنفس الحرفة في الأقضية وبالإمكان توسيع نطاق حماية الإسم التجاري بناءً على طلب صاحبه بحيث يشمل جميع المحافظات والإدارات المستقلة إذا لم يكن هناك أي مانع قانوني.

**ثالثاً:** بالإمكان توسيع نطاق حماية الإسم التجاري ليشمل جميع أنحاء العراق وذلك من خلال التنسيق مع المؤسسات الإتحادية أو أي طرف مخول حسب القانون.

**المادة (١٥):**

**أولاً:** تستوفى غرامة بمبلغ لا يقل عن (١٠٠.٠٠٠) مائة الف دينار ولا يزيد عن (١.٠٠٠.٠٠٠) مليون دينار كل من إستعمل إسماً تجارياً دون تسجيله في الإقليم.

**ثانياً:** تستوفى غرامة بمبلغ لا يقل عن (٢٠٠.٠٠٠) مائتا الف دينار ولا يزيد عن (٢.٠٠٠.٠٠٠) مليوني دينار كل من إستعمل إسماً تجارياً مسجلاً بإسم شخص آخر.

**ثالثاً:** يستوفى مبلغ قدره (٥٠.٠٠٠) خمسون الف دينار كأجور لتسجيل إسم تجاري.

**رابعاً:** يستوفى مبلغ قدره (٢٥.٠٠٠) خمسة وعشرون الف دينار كأجور خدمات تدقيق الطلب والوثائق والمستندات.

**المادة (١٦):**

**أولاً:** لمجلس الوزراء بناءً على اقتراح الوزارة تعديل جدول الأجور والغرامات حسب تغيير الحاجة.

**ثانياً:** للوزير بناءً على اقتراح المسجل إستحداث مديريات واقسام وشعب أو الغائها أو دمجها حسب المقتضيات.

**المادة (١٧):**

**أولاً:** تعتبر الأسماء التجارية المسجلة قبل نفاذ هذا النظام كأنها مسجلة بمقتضاه شريطة التزام مالكيها بتكييف أوضاعهم وفقاً لأحكامه وعلى النحو التالي:

١. يقدم مالك الإسم التجاري إشعاراً للمسجل يؤكد فيه رغبته في الإحتفاظ بهذا الإسم، وفق الأنموذج الأكتروني أو اليدوي المعد من قبل المسجل، وذلك خلال (٣) ثلاث سنوات من تأريخ سريان أحكام هذا النظام.

٢. يتم وضع إشارة في السجل من قبل المسجل تؤكد رغبة مالك الإسم التجاري في الاحتفاظ به.

**ثانيـاً:** إذا إنقضت المدة المشار إليها في البند (١) من الفقرة (أولاً) من هذه المادة، يتم بقرار من المسجل شطب جميع الأسماء التجارية بإستثناء أسماء الشركات التي لم يتقدم مالكوها برغبتهم في الإحتفاظ بها خلال هذه المدة، ويجوز الطعن بهذا القرار لدى المحكمة المختصة خلال (٦٠) ستين يوماً من تأريخ تبليغه أو نشر القرار في الموقع الرسمي أيهما أقرب، وفي جميع الأحوال لا تقبل الدعوى بعد مرور سنة على تأريخ هذا الشطب.

**المادة (١٨):**

لا يعمل بأي نص في نظام أو تعليمات يخالف أحكام هذا النظام.

**المادة (١٩):**

ينفذ هذا النظام اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**مسرور بارزاني**
**رئيس مجلس الوزراء**